# نەفرەت لەم ڕۆژەی بە زۆر میردم بە عەرەبیك کرد

ساز دانی دیمانە رزگار کۆچەر

ئافرەتیکی بەژن وبالا دریژ تا زۆر لی نزیك نەبیت وقسەی لەگەل نەکەیت واهەست ناکەیت تەمەنی ش

سارا دەلی ئەو کاتەی شوم کرد تەمەنم نزیکەی پانزە سالیك دەبوو ئەو کات مالمان لە یەکی لە گەرەکەکانی شاری کرکوك بوو ئیمە لە بنەمالیکی هەژار بووین دایکم هەر لە زو لە بیکەوتبوو باوکیشم لە شەریکەی نەفت کریکار بوو ئیمە خۆمان بەئەسل تورکمانین بیجگە لە دایکم باوکم دووبراشم هەبوو هەردووکیان خەریکی کریکاری بوون....

سارا دەلی پاش ئەوەی جەنکی عیراق ئیران دەستی پیکرد هەردوو براکەم رەوانەی سەرباز یکران هەرجەندە ئەو کاتە ئەرکی بەخیوو کردنی دایکم وباوکم کەوتە ئەستۆی من ومنیش لە یەکی لە فەرمانگاکانی شاری کەرکوك بە فەرمانبەری کارم دەکرد..

ئەو کاتانەی براکانم لە سەربازی بوون جەند جاریك کە دەگەرانەوە مال ئەفسەریکی لەتەمەن خۆیان دەهیناوە مال کە بەرگەز عەرب بوو من ئەو کاتانە لەسەر داوای براکانم زۆر خزمەتی میوانەکەمان دەکردوو ئەویش بەجاویکی زۆر سەیر سەیری دەکردمم و هەندی کات کە براکانم نەدەهاتنەوە ئەو ئەفسەرە خۆی دەخستە مالمان و هەردەم هەرەشەی لیدەکردین و دەی گوت براکانت رەوانەی بەرەکانی جەنگ دەکەم ئەگەر مل بۆ داخوازیەکانی من دانەنوینی ..

بۆیە ئەو کاتانە لەسەرتایەکانی ئەو ژیانە بوو کەکەوتمە سەرشەقام و جەستەم کەوتە بەردەستی ئەو کەسانەی کەتەنها لەزتەییان لەجەند جرکەیك دابوو.....

سارا دەلی ئەو ئەفسەرە هەموو ئەوکاتانە دەهاتە مالمان کە دەی زانی براکانم لە مال نین و هەموو ئەو کاتانە دەست دریژی دەکردە سەرم وماوەیەکی زۆر دە کەوتمە بەردەست ولەزەتی ئەو کەسەی کەهەردەم هەستم دەکرد وەك کەسیك لە جەنگ بیت هیرشی دەکردە سەرم ..

جەند جاریك ویستم ئارەزووی خومی بۆ باس بکەم کەوا بە ریگایەکی قانونی و حە رار بیتە خواز بینیم و ئاستیك بۆ تەسەروفاتی دابنیت بۆیە رۆژیك بە ئارەزووی خۆی گوتی من ئامادەم بیمە خوازبینیت بەلام بەو شیوەی کەوا لەگەلم دا بیت بۆ ئەو شارەی کەوامن لی دەژیم قەسدی شاری موسل بوو ئەو ئەفسەرە خوی ئەفسەریکی عەرەب بوو بۆیە منیش بەرازامەندی براکانم شوم پی کردوو لەگەل پیاوەکەم جوینە ئەو شارە ئەو کاتانە میردەکەم هەر سەربازی دەکردوو لەگەل براکانم بە یەکەوە بوون ...

شەویك میردەکەم جەند ئەفسەریکی بلە بەرزی هیانە مالەکەمانوو گوتی دەبی ئەو شەوە خزمەتی جاکیان بکەین من نەم دەزانی قەسدی جیەی بۆیە تا درنکانی شەو هەر خەریکی خواردن وخواردنەوە بوون ومنیش و ەك خزمەتکار هەمو دوا کاریەکانم بۆ جی بە جی دەکردن میردەکەم ئەو شەو زۆر بی روحمانە وەك کالایەکی بەنرخ جەستەمی خستە بەردەستی بردەرەکانی ئەو بردەرانەی کە دەیان ویست لە ریگای جەستەم نەجمەوە پلەو پایەی میردەکەم زیاد بکەن میردەکەم ئەوندە بی زەیی بوو هیچ بەزەیی بە جستەی خیزانەکەی دانەدەهاتەوە کە دەی ویست رۆژیك لە رۆژان مالیك بیەکەوە بنین و زیانیکی ئاسای بەسەر ببەن ..

ئەو شەوە تا بەیانی بە جەندین شیوە ولەبەردەم جاوانی میردەکەم کەوتمە سەرسینگ و بەردەستی ئەو کەسانەی کەوا تەنها میردەکەم دەی ویست جەستەوە لاشەم ببنە جسریك بۆ گەیشتن بە نیازەکانی .....

ئەو شەوە جەند جاریك لە خۆش خۆم دەجووم بە خۆ دادەهاتمە تا بەیانی لەم دۆخە بەردەوام بووم بەیانی زووش کە لە خەو هەلسام بینم تەنها من لە مالکە ماوم وسارا بەردەوام دەبی ودەلی ماوەیەکی پی جوو میردەکەم گراوە مال وگوتی

زۆرجاك بوو خزمەتی باشی بردەرکانمت کردوو دەبی ئیمە بەم شیوە بەردەوم بین جونکە من وبرکانیشت رەوانەی بەرەکانی جەنگ ناکرین ..هەر بۆیە ئەو روداوەی پیشتر باسمان کرد جەند جاریکی تریش دووبارەبوە و کارەکە ش لای من بووە کاریکی ئاسایی ...

نزیکەی سەرتاکانی سالی 1987 میردەکەم وبراکانم رەوانەی بەرکانی جەنگ کران ماوەیەکی بیجوو هەوالی شەهید بوونی یان کوشتنی برایەکم پیمان گەیشت و ئەو رووداوە زۆر نارحەت و نائومیدی کردم ماوەیکە گەرامەوە کەرکوك دایکیشم بەسەر ئەمری خوای کرد و بۆیە ماوەیەك باوکم بردە لای خۆم وتاماوەیەکی زۆر لەو کارە بەد رەوشتیانە دورە بووم و خۆم لی دوور دەکردەوە هر لەم ماوەیەش جەند جاریك میردەکەم بریەکەی ترم جەند جاریك هاتنەوە مالو تا جاریك بە رووداویکی ئۆتۆمبیل میردەکەم مردوو براکەشم ئەندامیکی گرینکی لەشی لەدەست دا کەوا قاجیکی بوو ئەو کاتنە ژیانی من کەوتە دۆزەخیکی زور گەورە وقەد هەستم نەدەکرد من ئەو کەسەم بۆ ژیان دروست کراوم هەربویە تا ماوەیەکی زۆر گەرامەوە کەرکوك لەگەل براکەم دانیشتم تا رۆژیك لە رۆژان کۆنە بردەریکی میردەکەم هاتە مالمان وگوتی دەبی بیتە موسل بۆ ئەوەی کاری خانە نیشی میردەکەت تەواو کەیت و جەند کاریکی تریش تەواو کەیت ئەو برادەرەی میردەکەم کابرایەکی حزبی گەورە بوو وابزانم ئەندام فرقە بوو یان ئەندام شوعبە گرینگ دیسان بەنیەت پاکی خۆم کەوتمە ری لەگەل ئەو کەسەی کەوا جەند جاریك لە بردەم جاوانی میردەکەم کەوتبوومە ژیری وئەویش تامی خۆی لە جەستەم کردبوو ..

ئەو کاتەی گەیشتینە موسل گوتی بۆ ناجیتەوە مالەکەت و بەیەکەو جوینەو مال ئەو کاتە بەتەنها منی جی هیشت وگوتی خەمی هیجت نەبیت من هەموو کارەکانت بۆ جی بەجی دەکەم و بۆ بەیانیش بگەریوە کەرکوك ....جاند کاتژمیرك تی پەری و شەو داهات دیسان بردەرەکەی میردەکەم لەگەل یەکی تری حزبی کەوابزانم لە خوی گەورەتر بوو لە پلەی حزبایەتی لە دەرگایان داو خۆیان خستە ژورەوە ماوەیەك قسەیان بۆ کردم دەیان گوت کەوامن خۆشەویستم لای ئەوان وئەوان هەردەم بە جاوی ریزەوە سەیری من دەکەن بۆیە ئیمە هاتووین وەك حزب قسەت لەگەل بکەین حزبیش پیی باسشە مالەکەی تۆ وەك شوینك ئامادە بکەین و بۆ هەندی میوانیحزب کە هەرموویان کج وئافرەتن و دەبی شەوانیش لەخزمەتیان دابین من دەم زانی ئەوان جیان دەوی بۆیە جەند جاریك ویستم بلیم من تەنها باوکم لە کەرکوك جی ماوە ...ئەوان قسەیان لی دەبریم دەیانگەت تۆ تازە تیکەل بەئیمە بوویت وئەگەر هەموو داواکاریەکانمان جی بە جی نەکەیت ئەوا ئیمەش نا جار دەبین لەناوت ببین جونکە تۆ هەموو شت لەسەر ئیمە دەزانیت ودەزانی ئیمە جیمان کردوە بۆیە دیسان بەبی رەخبەتی خۆم رەزامەندیم نیشان داو مالەکەم وەك مەلهایکی لی هات .....شەوان تا بەیانی جەند ئەفسەریك وجەند رەفیق حزبیك دەکەوتنە برە جەستەی ئەو کجانەی کە خۆیان هینابوویان کەژمارەیان پینج کج و ئافرت دەبوون منیش دەبوو تا بەیانی خزمەتیان بکەم لە بەردەم جاوانی من دەم دیت جۆن ئەفسەریکی جوار نەجمە قاج وپیی کجیکی دەلیساوەو دوایش زۆر بی زەیانە دەکەتە بەر شەق وزلە لیدانی ئەو کاتانە دەم زانی پیاو هەر ئەو جرکەیە کاری پیتە کە وا کاری پیتە دوایش لە ئاژەل خراپ تر سەیرت دەکا ...

دیسان ئەو لیالی سەمەرانە جەند جاریك دووبارە دەبونەوە لەیلی سەمەر ئەو شەوانە بون کە کۆنە بردەرەکانی میردەکەم ناویان نابون .

ماوەیەکی زۆر بردەرەکانی میردەکەم نەدەهاتنەوە مالو من بینج ئافرتیان بەتەنها جی هیشتبوو بۆیە ناجاربووین خۆمان ئەمجارە بەرخبەتی خۆمان لە دوای ئەو کەسانە بەگەرین کەوا جەستەمان بخەینە بەردەستیان بەرمبەر جەند کاغزیك لە

بیست وبینجی كە ئەو كاتە نەی دەكردە پارەی كیلۆ گوشتیكی قەساب ...ماوەیەكی زۆر لەسەر ئەو كارە بەردەوام بووم مالەكەشمان ببوە شوینیكی دیارو تا رۆژیك بۆلیسی ئاداب هەربینجمانیان گرت وماوەی پینج مانگ لە بەندی خانە ماینەوە ..
پاش ئەوەی هەستم كرد ژیانم نەماوە لەموسل گەرامەوە كەركوك كە جومە مالەوە براكەم دەرگای لی نەكردمەوە گوتی لە كوی هاتیت برۆ بۆ ئەوی و جاریكی تر لە میشكت نەبیت برایەكو باوكت ماوەو هەیە .
بۆیە دیسان بەناجاری گەرامەوە موسل و جەند رۆژیك لەوی مامەوە لەگەل یەكی لەو كجانە كە لە مالەكەمان بوو بەرەو بە غدا بەریكەوتین ئەو كاتانەش سەدام بریاریكی دەركربوو پیان دەگون (حەملەی ئیمانی ) و هەموو ئەو ئافرتانەی كاری بەد رەوشتیان كردبا دەخرانەزیندان وهەندیكیان ملیان بەت دەكرا ....
بۆیە جەند رۆژیك لە مالیك لەگەل ئەو كجە مامەوە و شەوانیش جوراها كەسان دەهاتن وئیمە دە خراینە بردەستیان بەكەیفی خۆیان كاری سیكسیان لەگەل دەكردین ئەو مالە لەلایەن یەكی لە ئەفسەرەكانی ئەمن بەریوە دەبراو بۆیە زۆر جار كە گەنجە كوردەكان لە شارەكانی هەولیر وسلیمانی ودهۆك دەهاتنە لامان وپارەیكی باشیان لە گەل خۆیان دەهینا جونكە ئەو كاتانە پارە تەبج قیمەتی نبوو ئەوانیش بە دولاروو سویسری تەعامولیان دەكرد ئەو شەوانەی كە پیاوانی ئەمن دەیان زانی گەنجە كوردەكان هاتونە مالەكەمان بە سەر ئیمەیان دادەوا جەند گەنجیكیان دەگرت ئەوان قەسدیان نەبوو بەندیان بكەیەن بەلكو قەسدیان ئەو بوو هەرجیی پارەو بول هەیە لیلن بستینەو دوایش رەوانەیان بكەنوە لیان بترسین ..
ماوەی سالیك لەم مالە مامەوە تا رۆژیك دیسان بەند كرام و ئەمجارە بە دەسال حوكم كرام لە بەندیخانەی فزیلیە لە بەغدا كە لە سالانی نەوتەكان كرابوو بەندیخانەیەكی تایبەت بە بەندە لە شفرۆشەكان ....
ئەو بەندیخانەی لیبووم نزیكەی 300 تا 700 ئافرت بەند كرابوون بەتەنها عیراقی تیدا نەبوو بەلكو ئافرەتی ئوردنی ولبنانی وسوری و میسری وهەندی ئافرەتی ئەجنبی قژ زەردیش لیىبوو وا بزانم رووسی بوون لە م بەندیخانە زۆر جارئەو ئەفسەرەی بەندیخانەكەی بەریوە دەبرد هەموو ئافرتەكانی كۆ دەكردەو بە كەیفی خۆیی جەند ئافرەتیكی هەل دە بژاردوو لەگەل خۆی دەبردن بۆیە زۆر پرسیار لای زۆبەی زۆری ئافرتەكان درووست دەبوو كەوا بۆ كویان بردوون دوایش دەردەكەوت ئەو ئافرتان بۆ جەند بەربرسیكی تر برداون تا بەیانی لەكگەلیان رابوواردوون لە وبەەندیخانەیە زۆر جار بۆلیسەكان بەشەویكی درنگ دەست دریژیان دەكردە سەرمان و قەەناعەت بكەن هەندی ئافرەت زگیان لە هەندی پۆلیسی ئەو بەندیخانەیە پر كرابوون گرینك تا ماوەی 7 سال لە م بەندیخانەیە بەند كرام و پیش هاتنی هیزی ئەمریكا بۆ عیراق بە جەند مانگیك هەموومان ئاواد كراین منیش ئەو كاتە كە ئازاد كرام شوینیك نەبوو رووی تی بكەم بۆیە لە بەغدا جەند شەویك لە ئۆتیلەكەم مامەوە ویستم خاوەن ئۆتیلەكە رازی بكەم بۆ ئەوەی لەوی كاربكەم بەلا بی فایدە بوو بۆیە بەناجار گەرماوە موسل كە رووم لە و گەرەكە كرد كە جاران لی نیشتە جی بوو دیم هەرهەموی تالان كرابوو كەوتبوە بەردەستی خەلكانیتر جونكە ئەو شوینەیلیی دا دەنیشتن بە ئەسل گەرەكیكی ئەفسەران بوو...
گرینك زۆرم هەول دا نەگەریمە سەرپیشەی جارانم بەلام ناجاربووم دیسان هەما كاربكەمەوە بۆیە سەرەتا لە موسل دەستم پی كردەوە لە سەر شۆستەو شەقامەكان را دەوەستام و سواری ئەو ئۆتومبیلانە دوبووم كەوا دەیان زانی من بۆ ئەو كارانە وستاوم لە زۆر شوینی شار راوەستام وگەرام و بە فرۆشتنی جەستەی خۆم حەزوو ئارەزووی كەسانیكم تیر دەكرد كەوادوایش وەك ئاژەل سەیریان دەكردم ....
لەگەل تیك جونی وەزعی ئەمنی شاری موسل منیش بەناجاری دیسان گەرامەوە شاری كركوك دیسان لە سەر هەمان كاری خۆم بەردەام بووم بەلا م ئەمجارە لە هەفتەی جەند جاریك سەردانی شارەكانی هەولیروو سلیمانی دەكەم لەویش لە سەر شۆستەكان دەوستم و جەندكەسیك شارەزابونە و سوارم دەكەنوو منیش بەرامبەر بریك پارە لەگەلیان دەمینمەو

سارا دەلی رۆژیک گەنجیکی تەمەن نزیك لە بیست سال بە سیاریکی کوستەر گوتی لە گەلم سوار بە منیش وام زانی بەتەنهاییە بۆیە لەگەل سوار بووم ماوەیەکی زۆر لە شار دوور کەوتەوە  دوایش رووی کردە ریگایەکی خۆل ئەو شوینە لە شوینیکی وەک سە یرانگا دەجوو داروو درختیکی زۆر شوینیکیزۆر خۆش بوو بەلام جۆل بوو بەتەنهابن داریک نەبیت کەوا نزیکەی شەش تا بینج کورە کەنجی هاوتەمەنی ئەو کەسە بەەن کەوا منیان هەلگرت کە کەیشتینە شوینەکە من دانەبزیم ماوەکی پی جوو گوتیان ورە دابزە نان بخۆ ....زۆریان لەگەلم هەول منیش دابەزیم و ئەوان بەنیسبەت من زۆر بجوک بون یەکی لە کورەکان وەرقەیەکی 100 دولاری دەرهینا و بە دەم جاوی دادام گوت کەم نیە میش کوتم بەرامبر جی گوتی بەرامبەر ئیمە هەرجەند ویست قسە بکەم بەلا م بی فایدە بوو گوتیان برۆ بۆ ژورەوە دیسان جستەم کەوتە گەزەو شەقیکەسانیک لام وابیت یەکەم جاربوو ئافرتیک بکەویتە برەدەستیان دیسان ئازاریان دام دیسان وەک ئاژەل کەوتنەبەر جەستەمەو تا پیان کرا تەخسیریان نەکرد تا لەخۆش خۆم جووم ئەوان وایان زانیم من مرددوم بۆیە کە لە خۆش خۆم هاتمەوە دیم بە جیان هیشتوم ئەو کاتانە زۆر هەستم بە ترس کردوو زۆر ترسام ماوەیەکی زۆر بە پی رۆشتم تا گەیشتمە گوندیک ئەو کاتە نزیك بوو رۆژ ئاوا بیت لە دەرگای جەند مالیکم دا کەس دەرگای لی نەکردمەوە تا دوایمالیك دەرگایان لی کردمەوە ئەو شەو ە لە مالەکە بووم وا بزانم ئاژە لیان لە مالەکەیان بەخیوو دەکرد پیاویکیئەندە بەتەمن نەبوو گەتی خیرە بەتەنهایت گوتم ولا لە مالەو جیماوم بەیانی دەزانم دەگەریمە وە شار و دەزانم دەجمەوە کوی بس تەنهائیوە ئەو شەوە بهلن لاتان بهینمەوە بەیانی خۆم دەرۆم ..کرینگ تا درنگانیکی شەو لە گەل بیرە ژنیکی مالەکە دانیشتم  ئیوارە ماستمان خوردوو پیرە ژنەکەشی شیی بزن ومەرەکانی دەدۆشی منیش لە تەنیشتیەوە سەیرم دەکرد ....

ئەو کاتەی ویستم بخەوم سەیرم کرد پیاوەک بە جاویکی سەیر سەیرم دەکا و وەک بلی شتیکی لیم بووی ئەو لای سەیر بوو ئافرتیکی شار بە سەر رووتی و جل و برگیکی شاریانە زۆر لای سەیر بوو بۆیە هەرجەند ویستم ئەو شەوەش شەویکی ئاسای بیتن بەلام لە درنگی شەو کبراکە لە ژیر بەتاهی دەستیکی لیدریژ کردم  زۆربە هیمنی گوتی بۆ بۆ دەرەوە منیش ناجابووم برۆم ماوەیەکی پی جوو ئەویش هات وگوتی بابجین بۆ ئەو ژورە کە جووین  پر بوو لە بزن ومەر ئەویش وەک ئەوانی تر لەسەر ئەم ئەرزە بەزەوی دادمو تاماندوو بوو خۆی لی تیر کردم دوایش گوتی برۆ بۆ ژورەوو بەیانیش ئاخیر رۆژتە لیرە ..

سارە لە کۆتای دەلی من هەست ناکەم ئیستا ئافرەتم من هیج هەست وسۆزیکی ئافرتانەم نەماوە هەست بەوە ناکەم جیژ وردەگرم من مرۆفیکی مردووی زیندووم

تیبنی / تەواوی ئەو جیرۆکە راستە پاش ماندووبونیکی زۆرو لە خۆ خۆشبونیکی زۆر ئەم ئافرتە رازی بوە لاپەرەکانی ژیانیخۆیمان بۆ بکاتەوە